ئایا یەکێکتان حەز دەکات ئەگەر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە سێ وشتری قەڵەوی ئاوسی دەست بکەوێت؟

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا یەکێکتان حەز دەکات ئەگەر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە سێ وشتری قەڵەوی ئاوسی دەست بکەوێت؟»، ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: «سێ ئایەت یەکێکتان بیخوێنێت لە نوێژەکەیدا خێرترە بۆی لە سێ وشتری گەورە وقەڵەوی ئاوس».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە کە پاداشتی خوێندنی سێ ئایەت لەنوێژدا خێرترە لەوەی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە سێ وشتری قەڵەوی گەورەی ئاوسی دەستبکەوێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65053